پەیامێکی پوخت بە ناونیشانی

# چۆن بڕۆمە ناو ئیسلامەوە؟

## (چۆن ببمە موسڵمان؟)

وەرگێردراوەتە سەر زمانی کوردی

ئامادەکردنی هەژاری رەحمەتی خوای گەورە :


شەیخ هەیسەم موحەممەد سەرحان

مامۆستا لە پەیمانگای حەرەمی مزگەوتی پێغەمبەری خوا ﷺ و سەرپەرشتیار لەسەر پەیمانگای سوننەت

https:// mahadsunnah.com/


خوای گەورە لە خۆی و دایک و باوک و هەموو ئەوانە خۆش بێت هاوکاری بوون بە درەهێنانی ئەم کتێبە

عبدالمجید عبدالحمید الكردي هەستاوە بە وەرگێڕانی – خوای گەورە بیپارێزێت –


چاپی یەکەم



مافی چاپکردن رێگە پێدراوە بۆ هەموو موسڵمانێک بە بێ دەستکاری ناوەڕۆکەکەی

# به ناوی خوای گەورە و میهرەبان

| پرسیار | وەڵام |
|---|---|
| ئایە هاتنە ناو ئیسلامەوە ئاسانە ؟ | بەڵێ ، چونکە ئەوە پێویستی بە نێوەندگیری و نەریتی ئاینی تایبەت نییە . |
| ئایە پەلە بکەم لە چوونە ناو ئیسلامەوە یان چاوەڕێی کاتی گونجاو بکەم یان کۆتایی هێنان بە هەندێ لە کێشەکان بکەم ؟ | پێویستە پەلە بکرێت ، چونکە دواخستنی ئیسلامبوون ڕەنگە ببێتە هۆی نەهامەتی ، ڕەنگە لە هەر کاتێکدا بۆی هەیە بمریت ، هەروەها هاتنە ناو ئیسلامەوە بە ڕاستی بازرگانییەکی قازانجکەرە ، جا هەر کاتێک پەلە بکەیت لەو بازرگانییە ئەوا قازانجەکەت زۆرتر دەبێت . |
| هەرکەسێک بیەوێت بچێتە ناو ئیسلامەوە چی دەکات؟ | تەنها پێویستی بە وتنی شایەتمانە : (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ) |
| بە چی زمانێک دەیڵێت ؟ | دەتوانێت بە هەر زمانێک بۆی دەکرێت بیڵێت ، مەرج نییە بە زمانی عەرەبی بێت . |
| ئایە دەیڵێت بە بێ ئەوەی لە ماناکەی تێبگات ؟ | نەخێر ، پێویستە ماناکەی بزانێت ، وە باوەڕی بە ناوەڕۆکەکەی ببێت ، وە کار بە ناوەڕۆکەکەی بکات |
| مانای (أَشْهَدُ) چییە ؟ | ماناکەی ئەوەیە کەوا بە دڵ دانی پێدا دەنێم ، وە بە زمانم دەیڵێم و بە ئەندام و پەلەکانم کاری پێ دەکەم. |
| مانای (لا اله الا الله) چییە ؟ | ماناکەی ئەوەیە : هیچ پەرستراوێکی بە حەق نییە شایستەی پەرستن بێت تەنها (الله) نەبێت . |
| مانای (أَنَّ مُحَمَّـدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ) چییە ؟ | ماناکەی ئەوەیە : کەوا ئەو بەندەیە و ناپەرسترێت و پێغەمبەرە و بە درۆ نازانرێت .<br>وە پێوستە لەسەر ئەوەی ئەم شەهادەتە دەڵێت : باوەڕ بە هەموو ئەو هەواڵانە بکات داویەتی ، وە گوێڕایەڵی ئەو فەرمانانە بێت کە فەرمانی پێی کردووە ، وە واز بهێنێت لەو نەهییانەی نەهی لێ کردووە ، وە شوێنی سوننەتەکەی بکەوێت و چاوی لێ بکات . |

| | |
|---|---|
| به جوانی تێگەیشتم ، ئەمجار ئێستا چیم لەسەرە ؟ | له دوای منەوە بڵێ : (أَشْهَدُ أَنْ لَا إِلَهَ إِلَّا اللهُ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّدًا عَبْدُهُ وَرَسُولُهُ) |
| ئایه ئێستا من موسڵمانم ؟ | بەڵێ ، سوپاس بۆ خوا ، ئەمەیش فەزڵی خوای گەورەیه به سەرتەوە؟ |
| ئێستا وەکو موسڵمانێک به چی شتێک ئامۆژگاریم دەکەیت ؟ | ئامۆژگاریت دەکەم بەوەی داوا له خوا بکەیت لەسەر دینەکەی دامەزراوت بکات ، وه هاوڕێی باش هەڵبژێرە که یارمەتی دەدا بۆ ئەو دامەزراوبوونە ، وه فێری ئیسلام ببیت ، وه ئیسلامەکەت بشارەوە تاوەکو به هێز دەبێت به ئیزنی خوای گەورە . |
| باشترین دوعا و پاڕانەوە چییە ؟ | ﴿ ٱهۡدِنَا ٱلصِّرَٰطَ ٱلۡمُسۡتَقِيمَ ٦ ﴾[الفاتحة]. واتە : ئەی پەروەردگار هیدایەتمان بدەو ڕێنماییمان بکە بۆ ڕێگای ڕاست وە بەردەوامیمان پێ ببەخشە لەسەر ڕێگای ڕاست کە ئیسلامە. |
| ئاسانترین زیکر چییە ؟ | ئاسانترین زیکر : (بسم الله) یە ، دەگوترێت لە کاتی چوونە ناو مزگەوت و ماڵەوە و دەرچوون لێیان و لە کاتی خوێندنەوەی قورئان و پێش چوونە سەرئاو و پێش جل داکەندن و پێش دەستنوێژو و پێش خواردن و خواردنەوە و جگە لەوانە لە چەندین جێگای تردا دەگوترێت . |
| حوکمی ئەو تاوانانە چین کە پێش هاتنە ناو ئیسلامەوە ئەنجام داوە ؟ | ئیسلام بوون تاوانەکانی پێش خۆی دەسڕێتەوە ، ئیللا ئەو مافانە نەبێت کە هی خەڵکییە بەسەرتەوە ، ئەوا پێویستە بیگێڕیتەوە بۆ خاوەنەکانیان . |
| ئایە لە پاش شایەتمان چی لەسەرمە بیکەم ؟ | پێویستە لەسەرت خۆت بشۆرێت (غوسل بکەیت). |
| بۆ خۆم بشۆرم ؟ | یەکەم : موسڵمان ناڵێت : بۆ ؟ بەڵکو دەڵێت : ﴿سَمِعۡنَا وَأَطَعۡنَاۚ﴾[النُّور:٥١]. دووەم : خۆت دەشۆریت بۆ ئەوەی ڕواڵەت و بەشی دەرەوەت پاک بکەیتەوە هەروەکو چۆن ناخ و بەشی ناوەوەت پاک کردەوە . |
| زۆر باشە ،چۆن خۆم بشۆرم ؟ | بەوەی بە دڵ نیەتی غوسڵ بهێنیت و بڵێیت : (بسم الله) وە با ئاوەکە هەموو جەستەت بگرێتەوە . |
| لە پاش خۆشوشتن چی بکەم ؟ | ئەگەر کاتی نوێژ هات ئەوا نوێژەکەت بکە بە ئیزنی |

| | |
| --- | --- |
| | خوای گەورە . |
| نوێژکردن لە سەرم گرانە ، چونکە چەند کار و گفتارێکی تێدایە کە بە جوانی ناتوانم بیڵێم ؟ | ئیسلام دینی ئاسانکارییە ، وە دینی گرانکردن نییە لەسەر خەڵکی ، سوپاس و ستایش بۆ خوای گەورە . |
| چۆن نوێژەکەم بکەم ؟ | ئەوەی پێویستە لەسەرت شوێن من بکەویت لە نوێژکردندا ، یان تەماشای ڤیدیۆیەکی فێرکاری نوێژ بکەیت ، وە چەندین پارچە ڤیدیۆ بە چەندین زمانی جیاواز دەبینیتەوە لە پەیمانگای سوننە بە پێی ئەو لینکانەی لە کۆتایی ئەم نامەیەدا هاتووە . |
| ئەی لە پاش نوێژەکە چی هەیە ؟ | پێویستە لەسەرت فێری پێنج پایەکەی ئیسلام ببیت کە ئیسلام لەسەری بنیات نراوە ، پاشان پایەکانی ئیمان ، ئا بەم شێوەیە .. ، تاوەکو هەموو ئەوانە تەواو دەکەیت کە ئیسلام و ئیمانەکەتی پێ تەواو دەکەیت . |
| ئەی ماڵپەڕانە چین کە ئامۆژگاریم دەکەیت بچمە ناوییەوە تاوەکو فێری ئیسلام ببم ؟ | ئامۆژگاریت دەکەم بچیتە ناو ماڵپەڕی گەورە زانایان و ڕێکخراوەکانی بانگەواز بۆ جالیاتەکان لە وڵاتی سعودیە . |
| چۆن مامەڵە بکەم لە گەڵ خزمە نزیکەکانمدا کە موسڵمان نین؟ | مامەڵەیان لە گەڵ دەکات هەروەکو چۆن پێغەمبەری خوا ﷺ مامەڵەی لە گەڵ جگە لە موسڵمانەکاندا کردووە ، جا ئەو بانگخواز بووە بۆ دینی ئیسلام بە زمانی و بە ڕەوشت و ئاکاری و مامەڵەکەی . |
| خەڵکانێک هەن دەیانەوێت بێنە ناو ئیسلامەوە ، بەڵام نایەوێت هەواڵی ئیسلامبوونی بە کەسوکارەکەی بڵێت ، ئایە حوکمی ئەو چییە ؟ | مەرج نییە ئەو کەسەی ئیسلام دەبێت هەواڵ بداتە هیچ کەسێک ، چونکە ئیسلام بوونی لە نێوان خۆی و خوادایە . |
| باشترین کتێب لە ئیسلامدا چییە ؟ | باشترین کتێب قورئانی پیرۆزە ، چونکە ئەوە قسەی خوای گەورەیە . |
| گرنگترین سورەت لە قورئاندا چییە؟ | گرنگترین سورەت سورەتی فاتیحایە ، بۆیە ئێمە لە هەموو رکاتێکی نوێژەکانمدا دەیخوێنین . |
| گەورەترین ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا چییە ؟ | گەورەترین ئایەت لە قورئانی پیرۆزدا ئایەتولکورسییە . |
| چۆن دەتوانم قورئان بخوێنمەوە ؟ | لە ڕێگای فێربوونی قورئانی پیرۆزەوە ، وە گوێگرتن لە قورئان ، وەکو خوێندنەوەی شەیخ الحذیفی و الحصري و جگە لەوان . |

| | |
|---|---|
| چۆن لە قورئان تێبگەم ؟ | لە قورئان تێدەگەیت لە ڕێگای کتێبەکانی تەفسیرەوە کە زانایان نوسیویانە ، کە ئەم ئوممەتە شایەتییان بۆی داوە . |
| لە کوێ تەفسیرەکانی قورئانم دەست دەکەوێت ؟ | ئامۆژگاریت دەکەم بە کۆمەڵگەی چاپەمەنی موصحەفی مەدینەی پێغەمبەری خوا ﷺ. |
| ئایە بە خوێندنەوەی چی شتێک ئامۆژگاریم دەکەیت لە پاش قورئان ؟ | ئامۆژگاریت دەکەم بە خوێندنەوەی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ. |
| باشترین کتێب چییە دەربارەی فەرموودەکانی پێغەمبەری خوا ﷺ هاتبێت ؟ | باشترین و ڕاستترین کتێب دەربارەی فەرموودە هاتبێت کتێبی (صحيح البخاري)یە ، هەموو ئەم ئوممەتە لە سەری کۆبوونەتەوە ، وە زانا بەڕێزەکانی ئەم ئوممەتە لێی ڕازین ، وە ئامۆژگاریت دەکەم بە گەڕانەوە بۆ ئەو لینکە کە لە کۆتایی نامەکەدا هاتووە بۆ دابەزاندنی کتێبەکە . |
| گرنگترین فەرموودە لە سوننەتی پێغەمبەری خوادا ﷺ کام فەرموودەیە ؟ | گرنگترین فەرموودە فەرموودەکەی جبریلە کە دەربارەی سێ پلەکەی دین هاتووە : ئیسلام و ئیمان و ئیحسان. |
| من دەترسم توانای فێربوونی ئیسلامم نەبێت ؟ | مەترسە ، بەڵکو پشت بە خوا ببەستە ، خوای گەورە یارمەتیت دەدات لەسەر هەوڵەکەت ، چونکە دین ئاسانکارییە ، خوای گەورە تەوفیقت بدات بۆ ئەوەی خۆی پێی خۆشە و پێی ڕازییە .<br>وە دەتوانیت لە گەڵ ئێمەدا بخوێنیت لە پەیمانگاکەماندا لە ڕێگای نێتەوە بە بەلاش ، پەیمانگای سوننە لەسەر ئەو لینکەی کە لە کۆتایی نامەکەدا هاتووە .<br>وە لە کۆتاییدا ئامۆژگاریت دەکەم بە ئەو فەرموودەیەی پێغەمبەری خواﷺ کە دەفەرموێت : سووربە لەسەر ئەوەی سوودی بۆت هەیە و پشت بە خوا ببەستە و بێ دەسەڵات مەبە . |

# لینكی كەناڵەكانی پەیمانگای سوننە

رابِطُ التِّلجرام:

رابِطُ الفيس بوك:

مَوقِعُ مَعهَدُ السُّنَّةِ:

رابِطُ الواتساب:

رابِطُ التويتر (X):

رابِطُ الانستغرام:

رابِطُ تَحميلِ الكُتُبِ:

قَناةُ اليوتوب: